# لینگویساید و دیالێکتی کرمانجی باکوور لە قۆناغی کۆلۆنیالەوە

سەلام ناوخۆش
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی بنیات)

## دەروازە

دیاردەی زمانەوانی (لینگویساید) لە کۆمەڵگای فرە زمانیدا شتێکی چاوەڕوان کراوە. لە سەردەمی کۆلۆنیانیزم لە ئەوروپا هەژموونی سیاسی و کەنیسەیی وای کردبوو تا ماوەیەکی زۆر لە ژێر دەسەڵاتی لاتینی (ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی) هیچ زمانێک لە کایە مەعریفی و سیاسییەکانەوە سەردەرنەهێنێت. ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگا کۆلۆنیانییەکانی ئینگلیزی و فەڕەنسی و ئیتاڵی دووبارە دەبێتەوە، شێوازی براونی ١٩٤٧-١٩٤٩ و سوێندەکەی (من ئینگلیزم، ئینگلیزێتی لە سەرەوەی هەموو شتێکەوەیە... من ئینگلیز نەبم هیچ نیم.) باشترین بەڵگەیە.

لە کوردستان لە سەردەمی کۆلۆنیالیزم و پۆست کۆلۆنیالیزم دیاردەی کوشتنی زمانی کوردی لەبواری پەروەردەدا هەر بەردەوامە.

لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەین لە هەردوو قۆناغی کۆلۆنیالیزم و پۆست کۆلۆنیالیزم قسە لە سەر ڕەوشی دیالێکتی کرمانجی باکوور بکەین.

## چەمکی لینگویساید، کوشتنی زمان

زۆر زاراوە لە بواری زمانەوانیدا هەن کە دەلالەت لە ونبوونی زمان لە کۆمەڵگا دەکەن، وەک مردنی زمان، زمان ونبوون، مۆرانەی زمان، قڕانی زمان، زمان کوشتن. دیاردەی زمان کوشتن ئاماژە بە جۆرە مردنێک دەکات کە جگە لە مردنی سروشتی، هۆکاری سیاسی لە پشت کوشتنەکەی هەن. فەرهاد حاجی ٢٠١٠ لە لاپەڕە ٧ی کتێبی دیاردا مرنا زمانان، ئاماژە بە ڕاگەیاندنێکی ترسناکی یۆنیسکۆ دەکات و دەنووسێت: "لە ساڵی ٢٠٠٢ یۆنسکۆ لە لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی ڕەوشی زمانەکان دەڵێت: لەم چەرخەدا لە شەش هەزار زماندا پێنج هەزار و پێنج سەدیان دەمرن، یان لەناودەچن،

ئەمەش زمانکوشتنە."

ستیڤن ورم، زمانناسی ئوسترالی ئاماژە بە چەند فاکتەرێک دەکات کە دەوریان لە سەر دیاردەی کوشتنی زمان هەیە، لەوانە سیاسەتی چەوساندنەوە و داگیرکردن. یۆنسکۆ باوەڕی وایە کە فێرنەکردن بە زمانی دایک و دوورخستنەوەی زمانی دایک لە پەروەردە، کوشتنی زمانی لێ دەکەوێتەوە.

**لینگویساید و ڕەیسیزم**

زمانکوشتن هیچی کەمتر نییە لە مرۆڤ کوشتن، چونکە هەردوو پرۆسەکە لە سەر ئازار گەیاندن دامەزراون. ماسیوس ۲۰۰۷ لە لاپەڕە ۲۲۷ی فەرهەنگی زمانەوانی لە پێناسەکردنی لینگویسایددا دەنووسێت: بریتییە لە زیان گەیاندن بە زمان، کتومت ڕەیسیزم دەگەیەنێت." لە پرۆسەی داگیرکردن و نکوڵیکردن و دوورخستنەوەی زمان لە پەروەردە، حاڵەتی زمان لە دەستدان دروست دەبێت، کریستال ۱۹۹۲ لە لاپەڕە ۲۱٦ ی فەرهەنگی زمانەکان گومانی ئەو دەکات کە لە ڕەوشی زمان لە دەستداندا مۆرانەی زمانی لێ بکەوێتەوە و تووشی مردنی درێژخایەن، یان قۆناغبەندی نەک لە هێکرایی ببێتەوە. ئەو جۆرە زمانکوشتن -ـە لە کۆمەڵگای فرەزمان و نەتەوەدا پەیڕەو دەکرێ بۆ ئەوەی کۆمەڵگاکە بە زەبری دەستوور بەرەو تاک زمان و تاک نەتەوە ببات. ئەو دیاردەیە لە ماوەی ۱۹۲۵-۲۰۰۲ لە تورکیا بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کورد لە باکوور زۆر کاری لە سەر دەکرا.

دیاردەی مردنی زمانی وەک زمانی لاتینی، گریکی، سانسکریتی، ئاڤێستایی پێمان دەڵێت کە جگە لەوەی ئاخێوی زمان هۆکار بووە بۆ مردنی زمان، هۆکارێکی دی سیاسی لە پشتەوەی کوشتنی سیاسی زمانن.دەیڤید کریستال ۲۰۱٤ لە لاپەڕە ۱۹۱ی کتێبی مردنی زمان لە (ئاکیرا یامامتۆ) دەگوێزێتەوە کە نۆ هۆکار هەن، دەتوانن پێشگیری لە دیاردەی کوشتنی زمان بکەن، لەوانە:

پاراستنی ناسنامەی ئەتنیکی زمان، بەکارهێنانی زمان لە پرۆگرامی پەروەردە، لە قوتابخانە، یان هەر هیچ نەبێ ئاخێو مامۆستای زمانەکەی هەبێ، زمانی دایک لە کۆمەڵگای فرەزمانی لە دەڤەری خۆی بەکاربێت..."

ئەفسووس لە باکووری کوردستان لە ماوەی ۱۹۲۵-۲۰۰۲ هەموو پێشگرییەکان بوونەتە پشتگری لەنێوبردنی زمانی کوردی.

**دیالێکتی کرمانجی باکوور و پەروەردە**

زۆر لە زمانناس و کوردناسی کورد و بێگانە قسەیان لە سەر دیالێکتەکانی زمانی کورد کردووە، دکتۆر فوئاد حەمە خورشید ۱۹۸۳، ل۱۸-۲۰ چاپی ئینگلیزی نامیلکەی زمانی کوردی و دابەشبوونی جیۆگرافی دیالێکتەکانی هەردوو هۆکاری جیۆگرافی و سیاسی بۆ دروستبوونی ئەو هەموو دیالێکت و بن-دیالێکتەکانی کوردی دەهێنێتەوە. دکتۆر حوسێن محەمەد عەزیز ۲۰۰٥ لە کتێبی "سەلیقەی زمانەوانیی..." بە درێژی ڕای ئەو هەموو زمانەوان و نووسەر و ڕۆژهەڵاتناسانەی هێناوەتەوە، کە هەندێک قسەیان لە سەر بناغەی جیۆگرافی، خێڵەکی، جیاوازی زمانەوانی دیالێکتەکان کردووە. لە زۆربەی هەرەزۆری پۆلێنەکان دیالێکتی کرمانجی سەروو دیالێکتێکی کۆنی زمانی کوردییە، بۆ نموونە شەرەفخانی بەدلیسی لە شەرەفنامەدا کرمانجی سەروو بریتییە لە شێوەزاری، یان زاری لۆکاڵی بادینانی، بۆتانی، ئاشتیانی، هەکاری، بایەزیدی، لای شێخ محەممەدی خاڵ، کرمانجی سەروو کرمانجی دەستە چەپە "شمالی-باکووری"یە بریتییە لە بۆتانی، بادینانی، هەکاری، بایەزیدی." دکتۆر فوئاد حەمە خورشید لە ل۱۷دا کرمانجی سەروو بە بایەزیدی، هەکاری، شەمدینانی، بۆتانی، دیالێکتی ڕۆژئاوایی، بادینان".

وێڕای جیاوازی بەشە دیالێکتەکانی دیالێکتی کرمانجی باکوور، لە شەرەفخانەوە تا ئەمڕۆ کەس نکوڵی لەوە ناکات کە ئەو دیالێکتە دیالێکتێکی سەرەکی زمانی کوردییە. دیالێکتی باکوور، یان سەروو دەرفەتی ئەوەی نەبووە لە دامودەزگای پەروەردە بەکاربێت. لە دوا میرنشینی کوردی لە باکوور، میرنشینی میربەدرخان زمانی کوردی نە زمانی میرنشین و نە زمانی خوێندنگا بووە.

**لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دوو جۆر خوێندن هەبوو:**

۱- خوێندنی دەوڵەتی.

۲- خوێندنی حوجرەی کوردی.

لە هەردوو خوێندندا پرینسیپەکانی ئیسلام بە تایبەتی ئاییینزای سوننە تەواو دیارە. موحەمەد کاکەسوور ۲۰۰۲ لە ل۱۸-۱۹ی دکتۆرانامەکەی ئاماژە بە چەند کتێبێکی مەنهەجی ئیمپراتۆریای عوسمانی دەکات:

- جیۆگرافیای گشتی، ادمان، هیئەت، ئەلفبێی عوسمانی، ئەتلەسی مێژوویی دەوڵەتی عوسمانی-. ئەو کتێبانە کتێبی ڕەسمی دەوڵەت بوون بۆ قۆناغی سەرەتایی و ئامادەیی و کۆلێژ. ئەو کتێبانە زۆر بابەتی ئاییینی و جیۆگرافی و عەسکەری و فەلسەفی و فەلەکناسی...تاد لە خۆ گرتبوو. لەو خوێندنەدا کۆمەڵە زمانێک دەخوێنران وەک زمانی عەرەبی، فارسی،

فەڕەنسی، ئینگلیزی هەتا ڕێزمانی عوسمانی دەخوێنرا. لە دوو کتێبی ئەو خوێندنەدا لە سەردەمانێکدا بە ناوەکانی مەمالیکی عوسمانی و ئەتڵەسی عوسمانی بە ڕوونی ئاماژە بە کوردستان و نەخشەی کوردستان لە ئەتڵەسی عوسمانی کراوە. فەیسەڵ دەباغ ٢٠٠٤ کتێبێک دەربارەی جیۆگرافی کوردستان لە عوسمانی وەردەگێڕێت. لەو کتێبەدا باسی ناوی زیاتر لە پێنج سەد شار و شارۆچکە و دێهات و قەڵا و هۆز و ڕووبار و دەریاچە و تەپۆڵکەی کوردستانی کردووە."

لە کتێبە مەنهەجییەکان و چاپکراوە عوسمانییەکاندا گرینگی زۆر بە جیۆگرافیای کوردستان دراوە، بەڵام گرینگی بە زمانی کوردی نەدراوە.

ئەو فەرامۆشکردنەی زمانی کوردی، وای کرد لە یەکەم ڕۆژنامەی کوردیدا زمانی کوردی و خوێندنگایەکی کوردی ببێتە یەکێک لە داواکارییەکانی ڕووناکبیری کوردی."

ئامانجی سەرەکی ئەم کتێبانە ئامادەکردنی فەرمانبەران بوو بۆ دەوڵەت " ئەمەش بەشێک بوو لە دەوڵەتسازی.

## حوجرەی کوردی

لە دەڤەری باکوور پێش کەمالیەت و سەردەمی کەمالیەت لە جیاتی پەروەردە، حوجرە هەبووە. لێرەدا گرینگە ئاماژە بەو هەوڵەی مەلای کورد بکەین، کە پێش بزاڤی فیلۆلۆژی بەراورد لە ئەوروپا کەوتبوو. ڕۆبینسن ١٩٦٧ لە ل١٦٤-١٩٧ ی کورتە مێژووی زمانەوانی قسە لە سەر زمانەوانی مێژوویی و بەراورد لە سەدەی نۆزدە دەکات.

حوجرەی کوردی قوتابخانەیەکی ئایینی نا-ڕەسمییە. گومان دەبرێ کە ئەو جۆرە مەدرەسە کوردییە لە سەردەمی عەباسییەکان هەبوویێت. دکتۆر ڕەشید فندی لە پەراوێزی ٤١ی لاپەڕە ٦٠ی کتێبی عەلی تەرەماخی هتا نهۆ هزر وەسا بۆ دچیت مەلا باتەیی لچەرخێ پازدێ ژیا بێ، مەولوودنامەیەکی بە کوردی، کرمانجی، نووسیبێت بەناوی مەولوودا کرمانجی."

لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی لە میرنشینە کوردییەکاندا جۆرە مەدرەسەیەکی ئایینی بە ناوی حوجرە دروست بوو. مەلا محەممەدی عەلیاوەیی ٢٠٠٣ کتێبێکی لە بەرایی هەشتاکان بەناوی ژیانی فەقێیاتی لە کوردستاندا، ئاماژە بەوە دەکات کە حوجرە قۆناغی سەرەتایی و ئامادەیی و زانکۆیی هەبوو، قۆناغەکان ناوی تایبەت بە خۆیان هەبوو:

– **سوختەیی:** ١٢-١٥ ساڵی (سەرەتایی) لەو قۆناغەدا شاگرد هەر تەنیا فەقێ نەبوو، بەڵکو ئیشکەر و خزمەتگوزار و ماندوو بوو، هەروەها لەو قۆناغەدا زیاتر لە پازدە کتێبی ڕێزمانی و فیقهی دەخوێنران.

**– فەقێ، یان سوختەی موتەعەللق:**

ئەو جۆرە فەقێیە سوختە گەورە بوو، فوئاد مەعصووم لە باوکی دەگێڕێتەوە کە لە دەڤەری کۆیە و سلێمانی بەناوی موقەدیمات خوێن - لب، کەچی عەلیاوەیی دەڵێت: لە دەڤەری هەولێر بە جامی خوێن و سەعدوڵلا خوێن ناسراو بوون، ئەوە قۆناغی ناوەندی بوو.

– ناسکە موستەعید: قۆناغی دواناوەندی بوو. مەلا عەلیاوەیی لە ل٢٨-٢٩ یازدە کتێبی دەخوێند و ئەزبەر دەکرد.

– موستەعید، یان موستەعیدی ئاخر مادده: ئەو قۆناغە زانکۆیی بوو، ئەوەش دوا قۆناغی مەلایەتی بوو.

ڕاستە زمانی کوردی وەک زمان لە حوجرە نەدەخوێنرا، بەڵام خوێندنی حوجرە زۆری بە زمانی کوردی بوو. مەلا عەلیاوەیی لە ل١٩ باسی سیپارەیەک دەکات بۆ ڕەوان خوێندنەوەی پیتەکانی قورئان. شێوازی حنجەیی شێوەی فێربوون بووە، ئەوەش بە کوردی بووە، بۆ نموونە:

بسم الله ئەوها فێری شاگردی حوجرە دەکرا: (بێ) لەژێر بی سین زەنە (بیس)، میم لەژێر می (بسم) لا مەل فەلا (بسم الل) هێ لەژێر هی (بسم الله)." دکتۆر مارف خەزنەدار و دکتۆر ڕەشید فندی لە کتێبی عەلی تەرەماخی. باس لەوە دەکەن کە تەرەماخی باسی ڕاناوی لکاو و ڕاناوی کەسیی لە کرمانجی دەکات وەکو (دچی، دچە، دچن، دچم، دچین) کە لەگەڵ ئەو شێوازانە بەکاردێن: (تو، ئەو، هوون، ئەوان، ئەم، مە)

هەروەها لە سەدەی شازدەدا - ١٥٩١، کرمانجی وەک کرمانجی ناوەڕاست - سۆرانی - ڕاناوی کۆ وەک یەک بوون، بەڵام ئێستا وەک ڕاناوی تاکی لێهاتووە:

سەدەی شازدەم: ئەو دچە ئەوان دچن

ئێستا، سەدەی ١٩-٢١: ئەو دچە، ئەو دچن

گوتنەوەی دەقی بیانی بە زمانی کوردی لە حوجرەی کوردی مێژوویەکی کۆنتری هەیە. مەلا مەحموودی بایەزیدی ئەو هەوڵەی بە ڕێزمانی کوردی، یان صەرفی عەرەبی بە کوردی دادەنێت-فندی، ل١٩-٢٠، هەر خودی فندی ئەو شرۆڤەکردنەی تەرەماخی بە زمانی کوردی بە سەرەتای پەخشانی کوردی دادەنێت و عەلی تەرەماخیش بە یەکەم پەخشاننووسی کورد دادەنێت-ل٤٩-٥٥.

ئەحمەدی خانی پاش کەمتر لە سەدەیەک، فێربوونی زمانی کوردی دەباتە ناو حوجرە و لە ١٦٨٣

فەرهەنگێکی عەرەبی - کوردی (دیالێکتی باکوور) بە ناوی "فەرهەنگا نۆبەهار"، یان "نۆبەهارا بچویکا" بۆ مندالانی کورد ئامادە دەکات و دەڵێت:

**"ڤێک ئێخستی ئەحمەدێ خانی**
**ناڤێ (نۆبەهارا بچووکان) لێ دانی**
**نەژ بۆ صاحب ڕەواجان**
**بەڵکە ژبۆ بچووکێد کورمانجان-**
**جهانی، ل٢٢"**

ئەو بەرهەمەی خانی کارێکی نوێ بوو، نەک هەر لە کوردستان، بەڵکو لە ئەورووپاش، چونکە لە سەردەمی بڵاوکردنەوەی دەقی ئەو جۆرە فەرهەنگە لە ئەورووپاش نەبوو، کوودون ١٩٩٨ لە ل٢٢٤ی فەرهەنگە ئەدەبییەکەی دەنووسێت: "فەرهەنگی دیداکتیکی لە ڕۆژئاوا لە سەدەی هەژدەم زیندوو بوونە، یان ڕێنیسانسی بە خۆوە بینی."

هەر لە حوجرەی مەلای کوردی فەرهەنگی (ئەحمەدی) و (مەولوودنامە بە کوردی) وەک مەولوودنامەی حسێنی قازی و مەلا پەرێشان و... دەرکەوتن.

شێخ مەعرووفی نۆدەهی فەرهەنگێکی عەرەبی - کوردی بۆ ئەحمەدی کوڕی بەناوی ئەحمەدی داناوە، مەلا عەلیاوەیی لە ل٢١ لە ڕێگای ئەم فەرهەنگەوە لە حوجرە فێری چەندان وشەی دەرەوەی حوجرە دەبوو، لەوانە ابل:حوشتر، بدن: قالب، حمار: کەر... تاد.

ئەو هەوڵەی مەلای کوردی، لای بەشێک لە توێژی عەلمانی کوردی زۆر بە گەورە تەماشاکراوە، لەوانە دکتۆر نووری دەرسیمی لە کتێبی (حیاتي السیاسیة) باس لەوە دەکات کە مەلای کورد لە حوجرە دەرسی هەر بە کوردی (دیالێکتی باکوور) لە سەردەمی کەمالییەکان وتووەتەوە. لە لایەکی تر گۆڤاری (لڤین) لە ڕاپۆتێکدا ئاماژە بەوە دەکات کە زمانی کوردی، زمانی زۆربەی بابەتەکان بووە، نەک هەر بۆ مەلای کورد، بەڵکو لە حوجرەی کوردیدا بۆ مەلای تورکیش بووە.

## قۆناغی کۆلۆنیالیزم و لینگویسایدی زمانی کوردی لە پەروەردەی تورکیایی

کۆلۆنیالیزم لە داگیرکردنی خاک و کولتووری ئەوی تر دروست دەبێ، بە واتای دەوڵەتێک بە بێ هەبوونی ئەو ئەدگارە لە خۆیەوە نابێتە دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی. لە پێناسەکردنی کۆلۆنیالیزمدا هاتووە: "کۆلۆنیالیزم چەمکێکی مارکسییە، کارل مارکس لە سەدەی نۆزدەم دروستی کرد، بەو تێگەیشتنە مارکسییە کۆلۆنیالیزم میکانیزمێکە دەوڵەتی کۆلۆنیالی بەکاری دەهێنێت، نەک هەر تەنیا بۆ دەست بەسەرداگرتنی هێزی سیاسی وڵاتەکەی تر، بەڵکو بریتییە لە دەست بەسەرداگرتنی هەموو کایە کولتوورییەکان و کایە ئابوورییە کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتی داگیرکراو."

ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە هاوپەیمانی کوردە سوننییەکان وەک هێزێکی ڕۆژهەڵاتی ناوین دروست بوو، ئەمین زەکی لە خولاصەکەیدا ئاماژە بە ڕێککەوتنی سوڵتان سەلیم و ئیدریس بدلیسی لە سەدەی شازدە دەکات. ئەو ڕێککەوتنە لە نێوان میرانی کورد و دەوڵەتی عوسمانی چەندان میرنشینی کوردی فیدراڵی لێ کەوتەوە هەتا سییەکانی سەدەی نۆزدەم درێژەی هەبوو.

هەر لەو ڕوانگەیەوە دکتۆر ئیسماعیل بێشکچی وەک سۆسیۆلۆگێکی مارکسی لە هەڵسەگاندنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا لە لاپەڕە بیست و پێنجی کتێبی کوردستان کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی دەڵێت: ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ئیمپراتۆریەتی نیمچە کۆلۆنی بوو." لە دوای دووەمین جەنگی جیهانیدا کۆلۆنیالیزمی فەرەنسی و ئینگلیزی چەندان دەوڵەتی کۆلۆنیاکراویان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین دروست کرد. ئەو هەموو دەوڵەتە کۆلۆنیاکراوە پاش ئاییندەیەکی نزیک بەرەو دەوڵەتی سەربەخۆ چوون. دکتۆر بێشکچی زۆر ڕەخنە لە فەرەنسا و بەریتانیا دەگرێت بەوەی دەوڵەتێکی کۆلۆنیاکراویشی بۆ کورد دروست نەکرد، بەڵکو بەشی باشووری لکاند بە ئێراق و بەشی ڕۆژئاوای بە سووریا، باکووری بە تورکیاوە بەستەوە - بێشکچی، ل٢٥-٢٦.

تورکیای کەمالی لە کۆتایی تشرینی یەکەمی ١٩٢٣ دروست بوو. کۆلۆنیالیزمی بەریتانی هیچ مەرجێکی کوردی لە سەر تورکیا نەسەپاند، هەتا باکووری کوردستان نەبووە هەرێمێکی کۆلۆنیاکراو نەک هەرێمێکی ژێر ئینتیداب. نەبوونی ئەو دووە لە تورکیا، کەمالییەکان وایان کرد دەوڵەتی تورکی بکەنە دەوڵەتێکی کۆلۆنیالی لۆکاڵی بۆ سڕینەوەی کورد و ئەرمەن وەک نەتەوە لە تورکیای نوێ. وێڕای دامرکاندنەوەی سێ شۆڕشی گەورەی کورد لە باکووری کوردستان، بە بەرنامە کار لە سەر کوشتنی زمانی کوردی (دیالێکتی باکوور) و سڕینەوەی لە مێنتالیتی منداڵی کورد لە پەروەردە کرا.

زۆر باسی سیاسی لە سەر ئەو ماوەیە کراوە، من دەمەوێ ئاماژە بە چەند هەوڵێکی تورکی بکەم لە سەر کوشتنی زمانی کرمانجی، هەروەها تەواو دوورخستنەوەی لە پەروەردەی تورکیادا.

تورکەکان هەر لە کۆنگرەی ئەرزەڕۆمەوە ١٩١٩ تا

١٩٢٥ کاریان بۆ خافڵاندنی کوردی باکوور کرد، هەر بۆ نموونە حەسرەتیان لە ل١٨ دەربارەی کۆنگرەی ئەرزەڕۆم دەنووسێت: "ویلایەتەکانی ئەرزەڕۆم، سیواس، دیاربەکر، خەربوت، بەتلیس، کۆی گشتیان یەک شتن و بە هیچ جۆرێک و بە هیچ بیانوویەک نابێ لە ئیمپراتۆریای عوسمانی جیابکرێنەوە." لە دەسپێکدا کەمالییەکان بانگەشەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییان دەکرد، هەر ئەوە وای کرد زۆر لە عەشائیر و ئەفسەری کوردی بەشداری بزاڤی کەمالییەت بکەن. محەمەدی مەلا کەریم ٢٠١٠ لە ل١٠٦ی تورک لە بولگارستان. لە د.کەمال مەزهەر دەگوێزێتەوە، کە وتوویەتی: نیاز وابوو بە پێی یاسای کارگێڕی بنەڕەتی خودموختاری بدرێت بە ناوچە کوردییەکان." لەمەش زیاتر گۆڤاری" بەرەو ساڵی دوو هەزار" لە ١٩٨٨ بە گەورەیی نووسیویەتی: مستەفا کەمال نیازی بوو ئۆتۆنۆمی بە کوردان بدات " - هەمان لاپەڕە. ئەوانە هەموو قسەی ڕووت و بێ ناوەڕۆک بوون، چونکە وەک هاوکار محێددین ٢٠١٢ لە ل٢٧ی ماستەرنامەکەی دەنووسێت: "لە دوای کۆنگرەی ئەرزەڕۆم کەمالییەکان (کۆنگرەی سیواس)یان لە هەمان ساڵدا بەست، خۆیان لە مافە نەتەوەییەکانی کورد بورد و هەر لەو ساڵەدا یانەی دیاربەکریان داخست و بە توندی ڕاپەڕینی (قۆچگیری)یان لە ساڵی ١٩٢١ سەرکوت کرد." بە واتای کەمالییەکان نەیاندەویست تورکیای عەلمانی وەک ئیمپراتۆریای عوسمانی وڵاتێکی فرە نەتەوە و فرە زمان بێت.

## تورکیا و سەپاندنی زمانی تورکی و بە ڕەسمیکردنی

پێش شۆڕشی پیران-١٩٢٥، یەکەم شۆڕشی کوردی لە باکوور لە پاش دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینی قۆچگیری، تورکیا لە نیسانی ١٩٢٤ دەستوورێکی نوێی پەسەند کرد، ئەو یاسایە لە تورکیا بە یاسای بناغەیی ناسراوە، چونکە سیستمی خیلافەتی لە تورکیا هەڵوەشاندەوە " بە پێی ماددەی ٢ی دەستوورەکە زمانی تورکی بە زمانی ڕەسمی تورکیا دانرا، هەروەها بە گوێرەی ماددەی (٨٨)ی هەمان دەستوور، هەموو دانیشتوانی تورکیا بە تورک دادەنرێن - سەلاح سەعدوڵڵا ١٩٩١، جەبار قادر ١٩٩٩، ل١٠٠، ناوخۆش ٢٠١٦، ل١٧٥" هەر حەسرەتیان لە ل٢٥-٢٦ی کتێبی گۆڕین، دەنووسێت: لە دوای دامرکاندنەوەی شۆڕشی ١٩٢٥، پرۆژە یاسایەکی بە ژمارە ٦٨٩ دەرکرد، بەپێی ئەو پرۆژە یاسایە بڕیاردرا بە:

١- چەککردنی هەموو کوردەکان، بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کێ بەشداری لە شۆڕش کردووە، یان نەکردووە.

٢- کۆچپێکردنی کوردەکان بۆ ناوچە جیاجیاکانی وڵات، بۆ ئەوەی ئەوان لە هیچ شوێنێ زۆرینە نەبن و خەڵکی تورکیان بۆ ناوچە کوردییەکان هێنا." لەو ماوەیەوە هەتا ساڵی ٢٠٠٢ ناسیونالیزمی تورکی خەریکی بە تورکیکردنی کولتوور و خاکی کورد بووە، بۆ نموونە بە گوێرەی ماددەی یازدەی ساڵی ١٩٢٧، بڕگەی ئەلف: بۆ هەر کەسێک ئەگەر زمانی تورکی، زمانی دایکی نەبێت، ئەوە دروستکردنی گوند و گەڕەکی لێ قەدەغە دەکرێ."

## زمانی دایک؟

زمانی دایک لە کۆمەڵگای فرەنەتەوە و زماندا، شوناسی نەتەوەیە. چەندان توێژینەوە ئەوەیان سەلماندووە کە خوێندن بە زمانی دایک ئەو شوناسە دەهێڵێتەوە، شەمزینی ٢٠٠٦، ل٢٠٠ ئاماژە بەوە دەکات کە چۆن کەمالییەکان لە ١٩٣٢ پاش کوژاندنەوەی شۆڕشی ئارارات-ئاگری داغ - ئاوارەکردنی ڕووناکبیری کورد و ویستیان منداڵانی وان، مووش، بولانق، مەلازگرد...تاد لە باوک و دایکیان دوور بخەنەوە و لە قوتابخانەیەکی شەوانە کۆیان کردوونەتەوە تا بە گیانێکی تورکیانە پەروەردە بکرێن و مافی ئەوەیان نەبێ تەنانەت بە زمانی تورکیش بخوێنن و بە زمانی کرمانجی قسە بکەن."

## کۆنگرەی ئەکادیمی بۆ سڕینەوەی زمانی کوردی

لە سییەکاندا کەمالییەکان تەنیا لە دوو کۆنگرەدا چەند پرسێکی زمانەوانییان تاووتوکرد. لەو دوو کۆنگرەیەدا چەندان شتی پێچەوانەی هەوڵی ئەورووپی کرد. ڕۆبینس لە کتێبی کورتە مێژوویەکی زمانەوانی جەخت لە سەر ئەوە دەکات کە هەموو زمانە ئەورووپییەکان یەک دایکە زمان کۆیان دەکاتەوە، ئەویش زمانی سانسکریتییە، هیچ زمانێک موقەدەس نییە، هیچ زمانێک زمانی بەهەشت نییە، لە بنیادگەریدا نە هیچ زمانێک پێشکەوتووە، هەروەها هیچ زمانێک پریمیتیڤ نییە."

لە کۆنگرەی یەکەمدا جەخت لە سەر ئەوە کرا: زمانانی ئاری یەک ڕەچەڵەکیان هەیە ئەویش زمانی تورکییە، هەروەها زمانی سۆمەری و هیتی و سامی لە زمانی تورکی سەرچاوەیان گرتووە، زمانی تورکی پێشکەوتووترین زمانی دنیایە.ناوخۆش، ل١٧٤.

لە کۆنگرەی دووەمدا، ١٨-٢٢ی ١٩٣٤ هەمان ئەو چوار خاڵە دووبارە کرانەوە.

بێشکچی لە ل١٥ی کتێبی تێزی مێژوویی تورک لەو دوو کۆنگرەیە ئاماژە بە پێنج تیور دەکات کە بریتیین:

١- تیوری قەدری پەرک.
٢- تیوری شەریف فرات.
٣- تیوری ئۆغلو.
٤- تیوری ئەرۆز.
٥- تیوری نەنگین.

هەر پێنج تیـور بەرهەمی ئەکـادیمی کـەمـالییـەکـانە بۆ سڕینەوەی بوونی کورد لە باکووری کوردستان:

قەدری پەرک باوەڕی وایە باکووری کوردستان لە ڕووی شوێنەوارناسییەوە موڵکی کۆن و جیانەکراوەی تورکە، کەواتە قەومێک نییە لە تورکیا بەناوی کورد. لە نەزەر شەریف فرات ناوی کرمانج لەو تێکەڵبوونە ڕەگەزییەی ئەنادۆڵ پەیدابووە. فـەخرەددین ئۆغـلـو دەڵێت: ڕیشـەی کوردەکـان بۆ تیـرەی ئۆغـرزەی تورک دەگـەڕێتـەوە، لەمـە زیاتر کوردەکان لە ڕووی ئەنترۆپۆلیژییەوە تورکن. ئەرۆز جـیـا لەوانی تر دەڵێت: لە ڕوانگەی کـولتـوور و سۆسیۆلۆژییەوە، سۆسیۆ-کولتووری خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ نەتەوەیەک نییە بەناوی کورد، زمانێکیش نییە بە ناوی زمانی کوردی. تیـوری ئارن ئەنگین دەیویست لە ڕێگای پەروەردەوە کوردبوونی کوردی باکوور بسڕێتەوە."

**سڕینەوەی شوناسی کوردی لە ڕێگای پەروەردەوە**

لە پاش ئەوەی کـەمـالییـەکان دوو شۆڕشی کوردیان لە نێـو برد، بیـرۆکـەی "زمـانی خـۆر"یان هێنایە گـۆڕێ بۆ ئەوەی لەم ڕووەوە کـورد لە ڕووی زمـانەوە لەناو ببـەن. دەسەڵاتی تورک ئەوەندەی لە پرسی زمان دەترسا، هێندە لە حزبی سیـاسی نەدەترسا، چونکە دەیزانی پرسی زمان دەرگا لە سەر شوناسێکی تر دەکاتەوە.

نادر ئینتیـسـار٣٢٠٠، لە ل١٣٨ قسـەیەکی جـەمـیل سیجاک، وەزیری دەوڵەت دەگوێزێتەوە: "ئەگەر مەسەلەی زمـان، چارەسـەر بکرابایە، ئەوە کـورد، ئێـسـتـا داوای وەرگـرتنی مـافی کـەمـایەتیـیـان دەکـرد، دواتریش، یان داوای ئۆتۆنۆمی، یان داوای دەوڵەتیان دەکرد." هەر ئەم هۆکارەش، هۆکاری زمان، وای کرد کەمالییەکان تەواو هەوڵیان دا زمانی کوردی لە پەروەردەی دەوڵەتی تورکیا دوور بخەنەوە.

مـیـتـودی براونی ١٩٤٧-١٩٤٩ مـیـتـودێک بوو هەڵگری پەیامی کـۆلۆنیـالیـزم بوو لای ئینگلیـز بۆ سەپاندنی زمانی ئینگلیزی، یەک پارچەیی کۆلۆنیاکانی ئینگلیـز و سوێندی ئینگلیز. ئینگلیـز باوەڕی وابوو ئەو هەمووە بە سەپاندنی زمانی ئینگلیزی فەراهەم دێت. لە ل٩ی ژمـارە ١٦ی ڕۆڤـار دەربارەی ئەو سێ پەیامـە کۆلۆنیالییەی میتودی براونی هاتووە: "میتودی براونی تاکە میتودە بۆ ڕەگ داکوتینی نەتەوایەتی ئینگلیز لە دڵ و دەروونـدا و یەکێتیی یەکپارچەیی مسـۆگـەر بکات..." ئەو میتودە سوێندێکی نەتەوەپەسەندی ئینگلیزی هێنایە ئاراوە، ئەوەتە لە سوێندەکە هاتووە:

**"من ئینگلیـزم، ئینگلیـزیەتی لە سـەرەوەی هەمـوو شتێکەوەیە،**
**لە سەرووی گیان و ماڵ و کار-مەوەی دادەنێم،**
**کەرامەتی ئینگلیز لە مێشکدا بە زیندوویی ڕادەگرم،**
**لە پێناوی پاراستن و بەرزبوونەوەیدا هەردەم ئامـادەی مردنم،**
**من ئینگلیز نەبم، هیچ نیم."**

ئەو میـتـودە لە پەروەردەی ئینگلیـز کـاری خـۆی کـرد. بەریتانیا وەک دەوڵەتێکی کۆلۆنیـالیزی بۆ خۆڕاگرتنی لە بەریتـانیـا و مـوسـتـەعـمـەرەکـانی پەروەردەی بە ئایدیای کـۆلۆنیـالی سیـخناخ کـرد. ئارن ئەنگینی تورک ئەو میـتودەی بۆ ناو پەروەردەی تورکی گـواسـتـەوە بۆ ئەوەی تورکـیـا ببـێـتـە دەوڵەتێکی تاک نەتەوەیی و سـوێندی تورکی لە گـوێیی منداڵانی نا-تورکـیش بزرینگێـتـەوە. بێشکچی لە ل٣٤ی کتێبی (تێزی تورک)دا دەنووسێت: "دکـتـۆر ئەنگین لە ڕێگای هێنانی ئەو مـیـتـودە بۆ پەروەردەی تورکـیـا دەیەوێ چۆن ئینگلیـز توانی هەتا هەبوونی پێناسـەی نەتەوەیی ئەو گـەلانەی پێ لە نێوبەرێ کە ئینگلیزن و بیانکاتە بەریتانی. مەبەستی ئەم میتودە لە لای تورکەکانەوە سڕینەوە و نەهێشتنی وشەکانی کورد و کوردستان بووە لە دیرۆکدا."

قـوتابخـانە، بە تایبـەتی قـوتابخـانەی سـەرەتایی، باشـتـرین ناوەندە بۆ ڕەگـداکـوتانی زمـان، ئەوەتا لە میتودەکە هاتووە: "بۆ پێکەوەلکاندنی کەمایەتییەکان و مسۆگەرکردنی یەکێتیی نەتەوەیی، قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندییـەکـان باشـتـرین ناوەندن بۆ وتنەوەی دەرسی دیسیپلینی نەتەوەیی - ژمارە شازدەی ڕۆڤار." تورکیاش ئەوە لە ١٩٢٣ـەوە زمـــانی تورکی نەک تەنیـــا لە پەروەردەی هەمـوو تورکیـا کردووەتە زمانی سـتـاندارد و ڕەسـمـی، لە سـەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی و زانکۆکـانی تورکـیـا. چۆن سوێندی براونی لە بەریتـانیـا دەزرینگایەوە، ئەوها سـوێندی کـۆلۆنیـالی تورکی لە پەروەردە لە مێشکی منداڵی کوردیش دەزرینگێتەوە:

**"من تورکم، ڕاستم، چالاکم**
**یاسای من ڕێزگرتنە لە گەورەکانم**
**پاراستنی بچووکەکانم!"**

قسـەی مستـەفا کـەمالیش هەتا پێش کوودەتای ١٥ی تەمووزی ٢٠١٦ لە پەروەردەی ناوچە کـوردییـەکـان: من

بەختەوەرم کە تورکم، بووبووە قسەیەکی دارگران لە سەر دڵی هەموو کوردێکدا.

کەواتە چەندانی وەک ڕەفیق سابیر ناهەقیان نەبوو، خودی دەستووری تورکیاش بە مۆتەکەی ئایدیۆلۆژی بزانن و بڵێین: ئەوەی لە تورکیا دەگوزەرێت مۆنۆپۆڵکردنی هەموو کایەکانە: دکتۆر ڕەفیق سابیر ل٧-١٤ی کتێبی یاسا دەستوورییەکانی تورکیا و کورد، نووسینی حەسرەتیان، خودی تورکیا بە دەستووری ئایدیۆلۆجیا و ئایدیۆلۆجیای دەستوور دادەنێت. بێشکچی ٢٠٠٩ لە ل٢٣ ی کتێبی کێشەی کوردستان لە تورکیا و ئێراقدا لە بەرگرینامەکەی خۆی لە دادگای تورکی دەڵێت: "ئەو قانوونانە ڕەنگە کاریگەری قانوونییان هەبێ، بەڵام هەرگیز لە سەر حەق و شەرعی نین. قانوون و بڕیارگەلی کە نکوڵی لە هەبوونی کورد زمان و فەرهەنگی کورد دەکەن، بە هیچ شێوەیەک هیچ نرخێکیان نییە، جا چ لە لایەن پێنج ژەنەراڵەوە ئامادە کرابن، چ لە لایەن چوار سەد و پەنجا نوێنەری ئەنجوومەنەوە."

## ئەنجام

لە نێو خودی دەستوور و قوتابخانەکانی تورکیادا، ئایدیۆلۆژیا زۆر کاریگەرە. هەژموونی ئەو ئایدیۆلۆژیا کۆلۆنیالییە دەیەوێ ئەویتر بسڕێتەوە و خۆی جێگای بگرێتەوە، کەواتە بیرۆکەی لینگواسایدی زمانی کوردی هاوکات بووە بە دەرکەوتنی کەمالییەت: ئەو بیرۆکە کۆلۆنیالییە هەر لە کۆنگرەی سێواس-ەوە نەخشەی بۆ کێشراوە و دوای لۆزان ١٩٢٣ و دامرکاندنەوەی هەر سێ شۆڕشی پیران و ئاگری داغ و دەرسیم -ەوە گوێزرایەوە ناو دەستوور و قوتابخانە و ناوەندە کولتوورییەکان. پەروەردەی تورکی ناوەندێکی بەهێز بوو بۆ سەپاندنی تورکیزم و سوێندی تورکی لە مێشکی منداڵی کوردی. تا ئێستا هیچ دەستوورێک لە تورکیا دەرنەچووە ئەو بیرۆکە کۆلۆنیالیانە بنبڕ بکات، بەڵکو لە شەستەکانی سەدەی بیستەوە هەر هەوڵێکی حزبی تورکی ئاراستە کۆمۆنیستی، دیموکراتی، ئیسلامی درابا، بە کوودەتای سەربازی وەڵام دراوەتەوە، ئامانجی کوودەتای ١٩٦٠ و ١٩٧١ و ١٩٨٠ و ١٩٩٤ باشترین بەڵگەن.


**سەرچاوەی ئینگلیزی:**

**1- Crystal, David (1992). An Encyclopedic Dictionary of Language and languages, London: Blackwell.**

**2. Crystal, David (2014-11-06). Language Death. Cambridge University Press. p.Å191.**

**3. Mathews, p.H. (2007). The Concise Oxford Dictionary of Linguistics, second edition. Oxford: Oxford press.**

**4. Robins, R.H. 1967.A Short History of Linguistics. London: longman.**

**سەرچاوەی کوردی:**

**ئینتیسار، نادر ٢٠٠٣، ناسیونالیزم...، و. عەتا قەرەداغی، سلێمانی.**

**بێشکچی، ئیسماعیل ٢٠٠٢، کوردستان کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی، و. حەمە ڕەشید، سلێمانی: سەردەم.**

**بێشکچی، ئیسماعیل ٢٠٠٣، تێزی تورک بۆ مێژوو، و. ڕێبین هەردی، سلێمانی.**

**بێشکچی، ئیسماعیل ٢٠٠٩، کێشەی کوردستان لە تورکیا و ئێراقدا، و. شێمحەمەد باڵەک، هەولێر: لە بڵاوکراوەکانی ستاندەر.**

**دەباغ، فەیسەڵ ٢٠٠٤، کوردستان لە چاپکراوە عوسمانلییەکاندا، هەولێر: ئاراس.**

**١- حاجی، فەرهاد ٢٠١٠ دیاردا مرنا زمانان، دهۆک: چاپخانا هاوار.**

**حەسرەتیان، ئەم یاسا دەستوورییەکانی تورکیا و کورد، وەرگێڕانی دلێر ئەحمەد، سلێمانی: مەڵبەندی کوردۆلۆجی.**

**جەلیل، هاوکار ٢٠١٢ دۆزی کورد لە تورکیا... هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.**

**شەمزینی ٢٠٠٦، جووڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانیی کوردستان، سلێمانی.**

**٢- فندی، ڕەشید؟ عەلی تەرەماخی... بهاریکاریا ئەمینداریا ڕۆشنبیری و لاوان.**

**٣- ناوخۆش، سەلام ٢٠١٢، مێژوویێکی تر بۆ مێژووی زمانی کوردی، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.**

**ناوخۆش، سەلام ٢٠١٦ ناسیونالیزمی کوردی و زمانی کوردی، تورکیا: لە بڵاوکراوەکانی تەفسیر.**

**نەسین، عەزیز ٢٠١٠ تورک لە بولگارستان و کورد لە تورکیا، و، بەکر شوانی و سیروان ڕەحیم، هەولێر: ئەکادیمیا.**

**عەلیاوەیی، مەلا محەمەد، ٢٠٠٣، ژیانی فەقێیاتی لە کوردستاندا، سلێمانی:**

**کاکەسوور، محەمەد عبدالله ٢٠٠٢، گەشەکردنی خوێندنی فەرمی لە لیواکانی کوردستانی ئێراقدا، دکتۆرانامە.**